قیامەت ڕووندات هەتاوەکو پیاوێک بەلای گۆڕی پیاوێکی تردا تێپەڕ دەبێت، دەڵێت: خۆزگایە لە شوێنی ئەو بوومایە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت ڕووندات هەتاوەکو پیاوێک بەلای گۆڕی پیاوێکی تردا تێپەڕ دەبێت، دەڵێت: خۆزگایە لە شوێنی ئەو بوومایە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە قیامەت ڕووندات هەتاوەکو پیاوێک بەلای گۆڕی پیاوێکی تردا تێپەڕ دەبێت ؛ هیوا دەخوازێت بەوەی لە شوێنی پیاوە مردووەکە بووایە، چونکە دەترسێت لەسەر نەفسی ؛ لە نەمانی دینداری وئاینی بەهۆی زاڵبوونی پوچەڵ وخراپە وشوێنکەوتووانی، ودەرکەوتنی فیتنە وتاوان وخراپەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65022